ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

Sheduled Task لە ویندۆز.

نووسەر: @:

Sheduled Task لە ویندۆز.

Sheduled Task چیە؟

هەندێک جاری بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی فەرمانێک یان کارێکی تایبەت لە سەر کۆمپیوتەر پشت بە پرۆگرامی دەبەستین و پرۆگرام دادەگرین کە پرۆگرامی بکەین بۆ ئەوەی فەرمانێک یان کارێک لە کاتێک کە خۆمان دەمانەوێت جێبەجێ بکات.

لە ویندۆز دا ئامرازێکی زۆر بەسوود هەیە کە ناوی Sheduled Task و کارەکەشی پرۆگرامکردنە بۆ بەجێهێنانی فەرمان یان کردنەوەی پرۆگرامێک لە کاتێکی دیاریکراو دا.

لەم وانەیەدا چۆنیەتی بەکاربردنی ئەو ئامرازە شی دەکەمەوە کە چۆنیەتی پرۆگرامکردنیەتی بۆ کردنەوەی پرۆگرامێک لە رۆژ و کاتێک کە خۆم دەمەوێت.

بۆ گەیشتن بە ئامرازەکە، برۆ بۆ Start پاشان ControlPane و پاشان Performance and Maintenance.




پاشان Sheduled Tasks کرتە بکە، پەنجەرەیەکی وەک ئەمە دەکرێتەوە. بۆ ئەوەی فەرمانێکی نوێ پرۆگرام بکەیت، کرتە بکە سەر Add Sheduled Task.




پەنجەرەیەک لەگەڵ لیستەی پرۆگرامە دامەزراوەکانی نێو کۆمپیوتەرەکەت دەکرێتەوە،




3> لە لیستەی پرۆگرامەکاندا پرۆگرامێک هەڵبژێرە، بۆ نموونە من Ad-Aware SE Pro م هەڵبژاردووە.
گەر ئەو پرۆگرامەی دەتەوێ لە لیستەکەدا نەبوو Browse کرتە بکە و خۆت دەستنیشانی بکە.
بۆ بەردەوامبوون Next کرتە بکە.




6> ناوی فەرمانی پرۆگرام کراو، پێم باشە وەک خۆی بمێنێتەوە.
7> کاتی جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە، بۆ نموونە رۆژانە یان هەفتانە و هتد، بۆ نموونە من هەفتانە دیاری دەکەم، Next کرتە بکە.
لەم پەنجەرەیەدا کاتی جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە هەڵدەبژێریت،




9> کاتژمێری جێبەجێکردن.
10> چەند هەفتە جارێک، خۆی 1 هەفتە جارێک واتە هەموو هەفتەیەکی هەڵبژاردووە.
11> لە چ رۆژێکی رۆژەکانی هەفتە جێبەجێ بکرێت!
Next کرتە بکە.




گەر ئەو بەکارهێنەرەی لە سەر کۆمپیوتەرەکەیە وشەی تێپەڕبوونی دانابێت لە سەر کۆمپیوتەرەکە، ئەبێ لە پەنجەرەی دهاتوودا وشەی تێپەڕبوونی خۆی بنووسێت، ئەگینا فەرمانەکە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ ناکرێت.




13> ناوی کۆمپیوتەر و بەکارهێنەر.
14،15> وشەی تێپەڕبوون.
بۆ بەردەوامبوون Next کرتە بکە.




وەک لە وێنەی سەرەوەدا ڕوونە، ئاگادارت دەکاتەوە کە فەرمانەکە بە سەرکەوتوویی پرۆگرام کراوە و لە کاتی هەڵبژێردراودا جێبەجێ دەکرێت.

18> گەر بتەوێ بە شێوەیەکی وردتر پرۆگرام کردنی فەرمان پیشان بدرێت، دەتوانی ئەو خاڵە چالاک بکەیت و پاش کرتە کردنە سەر Finish پەنجەرەیەک لەگەڵ هەڵبژاردن و ڕێکخستنی وردتر دا دەکرێتەوە.

بۆ تەواوبوون لە پرۆگرام کردنی فەرمان، Finish کرتە بکە.

پاشان دەبینی کە فەرمانێکی پرۆگرام کراوی نوێ دروست بووە لە بەشی فەرمانە پرۆگرام کراوەکاندا، بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی کە فەرمانەکە لە داهاتوودا کار دەکات دەتوانی بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەر کرتەیەکی لێبکەیت و Run کرتە بکەیت.

هەروەها بۆ دەستکاری کردنی ڕێکخستنەکانی دەتوانی Properties کرتە بکەیت.

هیوادارم سوودی هەبووبێت.

کۆتایی.

Oct 2005 13

**Dentist in Poland**
**Professional Dental Care in Poland Implants, Crowns, Bridges, Veneers**

**Chin Bar**
**Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!**

Ads by Google